# مافی ژنان : شۆفیری له سعودییەوە
# بۆ کورسی پەرلەمان له کوەیت

عەلی مەحمود محەمەد



بەلاتانەوە سەیر نییە , ئەگەر بلێم له هەموو ولاتانی کەنداو , رێکخراوێکی فەرمی دانپێنراو نییە بۆ ژنان ئەگەر کارتۆنیش بێت , ئەگەر لێرەوە سەیر بکەین ژنانی کوردستان زۆرییان بریوە , یاسایەکی باری تاکە کەسی نییە , قەزا له خزمەت پیاواندایەو ژنان بە مرۆڤی نمرە دوو و کۆیلەی پیاو داندراون تیایدا , دەسەلات بە تەواوەتی نێرانەیە , هەرچەندە رێژەی ژنان له سەروی 50٪ ووەیەو زۆربەن له کۆمەلدا , بەلام له هەموو مافێك بێبەری کراون .

هەر داخوازێك بۆ مافەکانییان بە یاخی بوون له ئاین , داب و نەرێت , کلتور تاوانبارە کرێت , ئەو تاوانانەش لەو کۆمەلگا داخراوانە توندترین سزایان هەیە . ژنان لەم وولاتانە ئامرازی پاشکۆیەتین , نەك سەرکردایەتی , هەموو هەولێکییان بۆ سەرکردایەتی بە فتوا وەلام دەدرێتەوە .

یەکێك لەو کێشانەی بەردەوام جێی شەرمەزارییە بۆ مەملەکەتی عەرەبی سعودیی له نێوەندە نێو دەولەتییەکان کێشەی ژنانە, ئەگەر بتوانێت بە سەر پەراندن لەناو خۆ دەنگی جەماوەر خەفە بکات , ئەوا زەلیلە بەرامبەر بە وێنەو زمان و قەلەمی راگەیاندنەکانی جیهان , ژنە سەر تا خوار رەش پۆشە پێچراوەکان له پال شمشێر و دەولەمەندی بێ ئەندازەی دەسەلاتدارانی سیمای ئەو دەسەلاتە دەردەخەن , بەلام نوکی شمشێرەکانیان چەندە تیژ بێت , له دەرەوەی سنور هیچی پێ ناکرێت , دەمی لاوازترین راگەیاندنی پێ داناخرێت .

ئەو چەند سالەی تالبان دەسەلاتدار بوون کەمێك هەناسەی حەوانەوەیان چەشت , چونکە نیگاکان هەموو چونە سەر ئەو , ژنە رەش پۆشەکان گۆران بۆ ژنە خولەمێش پۆشە تەواو داپۆشراوەکان , ئەوان ستەمگەری له بیرکراو بوون , بەلام رووداوەکانی سەپتەمبەر و روخانی تالیبان و رووداوەکانی عێراق بۆ رۆژئاواییەکانی سەلماند ژییان بۆ ئەو سستەمە زیانی زیاترە له بوون و هاوپەیمانییەتی , 19 کەس لەوانەی له کارەساتەکەی 11 سەپتەمبەر بەشدارییان کرد , وە 61٪ ئەوانەی له کردارە خۆکوژییەکانی عێراق بەشداری دەکەن هەموو هاوولاتی سعودین و پەروەردەی دەست سستەمی پەروەردەی ئەو بەرێوەبەرایەتییەن .

بەشێوەی گشتی کەنداوی عەرەبی دواکەوتوترین پنتی جیهانە بۆ مافەکانی ژنان , ئەو وولاّتانەی تا ئێستا ژنان نەیان توانیوە بچنە پەرلەمانەوە لە جیهاندا بریتیین لە : **البحرين و الكويت و السعودية و الإمارات و تونجا و طولاو و غينيا بساو و ميكرونيزيا و نؤورو و بلاو و جزر سليمان** (http://www.womengateway.com/ar/)

. لە وولاّتانی جەزیرەی عەرەبی تەنها عەمان و یەمەنە ژنان توانیویانە بچنە پەرلەمانەوە , دیارە جیبیایی مەزهەب (ئەبازی– نزیکن لە خەوارجەوە لە عەمان – و زەیدی لە یەمەن ) و بوونی مێژیینەی بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازانە لە و دوو وولاّتە ( زەفار (عەمان) و پارتی سۆسیالست(یەمەن) ) ئەو جیاوازییەیان دروستکردووە .

لە یەمەن ژنان زیاتر ڕۆیون و ئەمڕۆ داوای یەکسانی خوێن بایی دەکەن , وەزیری مافی مرۆڤ خاتوو ئومە عەلیم سوسوە ئەم داواکارییەی خستە بەر دەم بیروڕای گشتی (ئیسلام ئۆنلاین **17-6-2005**) . یەکسانی ژن و پیاو لەبەرامبەر خوێن , بە دوایدا یەکسانییەکان دیکەش وەك میرات و مافی سیاسیش لەگەڵ خۆیدا دێنێت .

لە عەمان **4** وەزیری ژن هەیە , هەروەها ژنان زۆر پلەی بەرزی کارگێڕییان لە حکومەتدا هەیە , لە ئیمارات پەرلەمانی هەڵبژێردراو نییە بەلاّم ژنان پلەی وەزارەتییان هەیە , لە بەحرێن **2** وەزیرەی ژن هەیە . لە ساڵی **2001** دا ژنان بەشدارییان لە ڕاپرسی شارەوانییدا کرد , بەلاّم ژنانی بەحرێنی داوای یەکێتی ژنان و یاسای تاکە کەسی و چاکسازی لە قەزا دەکەن لە قازانجی ژنان ( ریم خليفه –ئیلاف **18-6-2005**– ئیسلاح قەزا) , قەتەریش **2** وەزیری ژنی دامەزراند . لە هەر یەکە قەتەر , ئیمارات , بەحرەین , عەمان بە بڕیاری سەرەوە وەزیری ژن دامەزران . بەلاّم لە کوەیت بە خەباتی درێژ خایەن و پشت لە زەوی دان ژن گەیشت بەو پلەیە, بۆیە مەغزایەتی جیای هەیە , دەسکەوت بە خەبات سەداو کاردانەوەی زیاترە لە مەکرەمەی سەرەوە , بۆیە هەنگاوی زیاتر لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت .




با جاریَ زۆر لە سعودییە دوور نەکەوینەوە , وەك دەبینیین و دەخوێنینەوە ماوە ماوە خێزانی مەلەکی سعودی تووشی شەرمەزارییەك دەبن , لەگەڵ شەرمەزارییەکاندا هەموو جارێك پایەی دەسەلاّت دەلەرزێت . کەناڵێکی تەلەفزیۆنی بێلایەنی بەریتانی ساڵی **1980** فلیمێکی بەناوی مردنی ئەمیرە بلاّو کردەوە , کە فلیمی ئیعدام کردنی ئەمیرەیەکی سعودی و دلّدارە عەوامەکەی بوو , بە تاوانی زینا , هەرچەندە لە شەریعەتی ئیسلام زینا تاوانی کوشتنی لەسەر نییە , بۆخۆی ئەمە لادانە لە شەرع , بەلاّم بۆ شوشتنەوەی شەرەف ڕۆژانە ئیسلامەکان ئەنجامی دەدەن , لە ئەنجامی پیشاندانی ئەو

فلیمەوە کە هیچ پەیوەندییەکی بە حکومەتی بەریتانییەوە نەبوو , سعودییە وولاتی بەریتانییای بە هێرش بۆسەر شەریعەتی ئیسلام تاوانبارکرد, شەرمەزارییەکەی خۆی بە داکۆکی لە ئیسلام و شەرع شوشتەوە , لە بەرواری **23-4-1980** بالۆیزی بەریتانیا لە سعودییە دەرکرا , پەیوەندی دیپلۆماسی نێوان ئەو جووتە برایە پچڕا , تا لە **1981** پەیوەندی دیپلۆماسییان دانایەوە , هیچکات ئەم دەوڵەتە لە بەرامبەر داکۆکی لە ئیسلام پەیوەندی لەگەڵ ئەمەریکاو بەریتانییا ساردی تێنەکەوتووە , هەرچەندە ئەوان یارمەتی سەربازی بێ سنورییان بە ئیسرائیل پێشکەش کردووە بۆ تێکشکانی عەرەب .

لەم ڕۆژانەشدا شەرمەزارییەکی کە ئاگری لە پەرێزی ڕەوشتی بەرزو ئیسلامیانەی مەلیکی سعودییە بەردا , ئەویش شکایەتی خاتوو جینان حەربی تەمەن **57** ساڵەی بەڕەگەز ئوردونی و هاوولاتی بەریتانیا بوو لە مەلیك فەهد , ناوبراو ڕایگەیاند ئەو ژنی مەلیك فەهدەو بەوە تاوانباری کرد کە نەفەقەی ژیيانی بە تەواوی چەند ساڵە نەداوەتێ , زەواجی نێوانییان نهێنی بوو تا ساڵی **2001** کەس پێی نەزانییوە , بەم هەواڵە شەرەزاری خێزانی مەلەکی داگرت , پێشتر فەهد داوای لێکردبوو پەیوەندییان بە نهێنی بمێنێتەوە , ئەو ووتی : فەهد **32** ملیار پاوەنی هەیە , پێویستە لەو میراتە بەشی بەرکەوێت .

لەناو خێزانی مەلەکی ژن هێنانەکان نیمچە نهێنین و ڕاناگەیەندرێن , ئەوان تەنها ڕاگەیاندنی مردنی ژنەکانییان بلاوەکەنەوە . فەهد جگە لەم ژنەی بە فەرمی **4** ژنی هێناوە , **1** ی مردووەو **2**ی تەلاق داوەو ئێستا لەگەڵ ئەمیرە جەواهیر دەژێت (سی ئێن ئێن **16-6-2005**). ئەمیرە لەماوەی ڕابردوودا یەکەم ژن بوو وێنەی بلاو کرایەوە لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکان و دەموچاوی پیرانەی دەرکەوت , پارێزگاران داوای داخستنی ڕۆژنامەکەیان کرد و هەڕایەکییان نایەوە مەگەر ڕۆژی قیامەت بەو ڕۆژە بچێت , ووتییان ئەمە لادانە لە شەرع .



لیستی یاساغراوەکانی ژنان لە سعودیە گەلێك فراوانترە لە ڕێ پێدراوەکان , ژن نابێت ڕوی دەربخات , ئۆتۆمۆبێل لێبخوڕێت , تەوقە لەگەڵ پیاو بکات , پیاو هەڵبژێرێت بۆ هاوسەری ژییان گەنج بێت یان پیر , گەشت بکات , ببێت بە نوێنەر , دەنگ بدات , ئەگەر ژنێکیش بە نوێنەر لە شوێنێك دیاری بکرێت ئەوا دەبێت بە عەبا خۆی بپێچێتەوە و لە کونێکی کۆبونەوەکاندا خۆی بشارێتەوە .... , ئەوە باسی چوون بۆ سینەماو مەلەوان و پیاسەکردنی درەنگ وەخت لە بازاڕ جارێ چەند سەدە نەك ماوە پێی بگەن , بەڵکە کەسێك نییە جورئەتی قسەکردن و لەسەر نوسینی بکات لەم ڕۆژگارەدا , تا چەند دەیەیەك لەمەوپێش ژنانی سعودی مافی خوێندن و تەماشاکردنی تەلەفزیۆنیشییان نەبوو .

لەم وولاتە منالانی کچ پێش چوونییان بۆ قوتابخانە , بەو ساواییە دەیانکەنە ناو عەلاگەیەکی سەرتاپا ڕەشەوە , بۆ ئەوەی دیار نەبێت , دەمووچاوی جوان پڕ بەرائەتییان لە کۆمەڵ دەشارنەوە , هەموو جوانییەك لە جەستەیان دەکوژن , لەو تەمەنەوە بەو شێوەیە ڕایان دەهێنن و پەروەردەیان دەکەن .

ئافرەت بە درێژایی تەمەنییان لە گانگۆڵە کردنەوە تا چوونە ناو کفن , دەبێت لەناو عەلاگەی ڕەشدا شاراوە بێت , دەرکەوتنی نینۆك و برژانگەکانیشی گوناهی مەزنە , سزاش لە سەفەری میعراجدا نیشان دراوە .



کەچی پیاوانی سعودییە , لایەنگران و جێبەجێکەرانی سەرسەختی یاساو ڕێسای ئیسلامین , بۆ خۆیان بەردەوام لە شەریعەت لادەدەن , بەشی زۆرییان زۆربەی کاتەکان لە دەرەوەی سعودییە ژییان بەسەرە بەن و سەرگەرمی کەیف و سەفاو ڕابواردنن , یاخود لەگەڵ کارەکەرەکانییان بە ئارەزووی ویستی دڵی خۆیان نەك ویستی شەریعەت ژییان بەسەرە بەن , لە یانەکانی ڕۆژئاوا قومار دەکەن , دەخۆنەوەو سەر گەرمە کەن , بە جامخانەکاندا دەگەڕێن , بەڵام لەناو سعودییەدا ئیسلامیین و جێبەجێکردنی **100**٪ی شەرعییان دەوێت , بە زەکاتەکانییان بزووتنەوە ئیسلامیەکان لە وڵاتان بەهێزە کەن و مزگەوت دروستە کەن , بەهەشت لە لای ئەوان لە ژێر قاچی دۆلارایا , لە شوێنە گشتییەکان سەری نەیاران دەپەڕێنن , لەسەر دزی دەست دەبڕنەوە , ڕەجمی ژنان و پیاوان دەکەن بە تاوانی سێکسی , کەچی خۆیان سەروەتی سامانی وڵات دەدزن و ڕەوانەی بانکەکانی ئەمەریکای دەکەن , شەوو ڕۆژ زینای پێ دەکەن , ئەگەر شەرع لەم وڵاتە جێبەجێ بکرێت , پیاوێکی ڕزگار بوو لە جەڵدە لە ناو دەسەلاتداران نابینیتەوە , نەك تەنها لە سعودییە , بەڵکە لە هەموو کەنداوی عەرەبی پیاوانی دەسەڵاتدار ئەمە کردارو ڕەوشتییانە , خاوەند مزگەوتە دروستکراوەکان دەبێت لە ناو مزگەوتەکانییان ملییان بپەڕێنرێت .

ئەوان بەرامبەر سزادانیی نەیاران کۆنترین یاساو شمەکی کوشتن لە سەرپەڕاندن و ڕەجم کردن و دەست بڕینەوە بەکار دەهێنن , وەك **1400**ساڵ لەمەوبەر بە شمشێر لە شوێنە گشتییەکان سەر دەپەڕێنن , بەڵام بۆ خۆیان دوا مۆدێلی ئۆتۆمۆبێل و فڕۆکە خواردنەوەو .... بەکار دەهێنن .

پیاوانی ئاینی دژ بە قوتابخانە بوون تا ساڵانی چلەکان لە عێراق (کامل نەجار**1-6-2005** ئیلاف) , لە سعودییە تا کۆتایی شەستەکان قەدەغە بوو کچان بچن بۆ قوتابخانە , ژنانی سعودییە تا توانییان خۆیان بگەیەننە ژوری قوتابخانەکان , چەندین ساڵ ململانێی و تێکۆشانی ویست , فتواکان وەك لوغم ڕێگر بوون لە ڕێی چونییان, بۆیە بووەتە نەریت هەموو شتێکی نوێ , کۆمەڵایەتی , فەرهەنگی , سیاسی , زانستی , لە سەرەتاوە وەڵامی پیاوانی ئاینی نا یە بۆی , بەڵام دواتر خۆ لەبەردەمی ناگرن و دەکەونە دژایەتیکردنی نوێترەکان .

لە ئۆکتۆبەری **1990** دا مەلا عەبدوالعەزیز باز , موفتی سعودییە فتوای قەدەغە کردنی شۆفێری بۆ ژنان دەرکرد , کە ئەمە دەقی فتواکەیەتی :_ "**إن ذلك لا يجوز؛ لأن قيادة المرأة للسيارة تؤدي إلى مفاسد كثيرة وعواقب وخيمة**" (ئیسلام ئۆنلاین **3-6-2005**).

ئەمەی سەرەوە ئەو فتوایە بوو , مەلایەك دای لە دوا ساڵەكانی سەدەی بیستدا باوەڕی بە خڕی زەوی نەبوو , پاش 15 ساڵ لە دەرچوونی فتواكەو چەند ساڵ لە مردنی خاوەنەكەی , ئەمڕۆ پیاوانی ئازادی خواز , ژنانی هەڵسوڕاوی سعودییە , ڕیفۆرمخوازانی ناو شورا , هەموو هێزییان خستۆتە كار بۆ ڕزگار بوون لەو 12 ووشەیە , بەڵام شەڕێكی سەختە و هێشتا سەرنەكەوتوونە بەسەر 1 ووشەشدا .

تەواو بە پێچەوانەی سعودیە , هەرچەندە لە ئێران ڕاستەوخۆ پیاوانی ئاینی شیعە دەسەڵاتدارن , مافی ژنان لەو وولاتە بە هەموو پێوەرێكی سەردەمانە پێشێلە كرێت و بەردەوام حكومەت لەبەردەم سەرزەنشتی ڕێكخراوەكانی ژنان و مافی مرۆڤی جیهانییە , كەچی دەبینین لەو كاتەی گفتوگۆكردن لەسەر مافی شۆفێری ژنان نیمچە یاساغ دەكرێت لە سعودییە , كەچی لە ئێران ژنان لە پێشبڕكێی لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێل بەشداری دەكەن , لالە سدیقی 28 ساڵانە ئەو ژنە ئێرانییەیە لە پێشبڕكێی ئۆتۆمۆبێلی ئێران بەشداری دەكات و بە پلەی یەكەم دەیباتەوە (ڕویتەر 12-6-2005) .

هەرچەندە سستەمی دەسەڵاتداریەتی سعودییە شەرعییەتی ئیسلامی بوونی نییە وەك ئێران , بەڵام پارێزەرانەتر مامەڵە لەگەڵ كێسی ژنان دەكات . لێرەدا جیاوازی كلتور و مەزهەب لەم دوو وولاتە دوو جۆر ئیسلامی سیاسی بەرهەم هێناوە , دەتوانین بەهەمان پێوەر سەیری ئیخوانەكانی ئوردن و میسر و كوەیت بكەین كە بە تەواوی جیان لە یەكتر , ئەو دژایەتییەی ئیخوانەكان كوەیت دژ بە ژنان پێی هەڵدەستن لە ئوردن خۆیان ناكەن بە خاوەندی .

هەوڵ و تەقەلای ژنانی سعودی بۆ بەدەست هێنانی مافی شۆفێری وەك ئاگر بەر بوون لە پەرێزی چلەی هاوین بە جیهاندا بڵاوبوەوە , سیمای ناشرینی دەسەڵاتی سعودییەی بە جیهان نیشان دا , زیاتر سستەمی دەسەڵاتی بەرامبەر بە چاكسازی شەرمەزاركرد و نەتوانینی درێژە دان بەو شێوە دەسەڵاتدارییەتییەی بۆ جیهان سەلماند .

بەهۆی ئەو پاڵەپەستۆ جیهانییەی بە سەر دەسەڵاتەوەیە لە بەرامبەر كێسی ژنان , نوخبەی دەسەڵات لە نێو خۆیان بوونە بە دوو بەرەوە , بەرەیەكییان دەیەوێت مل بە چاكسازییەكان بدات و هەندێك ڕیفۆرم ئەنجام بدات , بەرەكەی كە وەك ئەوەی گولە مس لە گوێچكەیدا بێت خۆ لەو هەرایە بێدەنگە كات جیهانی داگرتووە و مل نادات بە گۆڕانكاری .

وەزیری دەرەوەی سعودییە , یەكێكە لەوانەی , هەست بە مەزنی پاڵەپەستۆكە دەكات و ئاگاداری ئەو هەموو پرسیارانەیە , لە هەر گەشتێكییدا , بۆ دەرەوە بەرەو ڕوی دەبێتەوە , هەموو جارێك خەجاڵەتی دای دەگرێت , بۆیە ئەو پشتگیری لە لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێل دەكات لە لایەن ژنانەوە , دەڵێت : دەقێكی ئاینی دیاریكراو نییە یاساغی لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێل بكات لە لایەن ژنانەوە .

بەڵام شێخ نایف وەزیری ناوخۆ , كە یەكێكە لە پارێزەران دەڵێت : گفتوگۆكردن لەسەر لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێل لە لایەن ژنانەوە زیان بە ئابڕوی مەملەكەتی عەرەبی سعودییە دەگەیەنێت لە ناوەندە جیهانییەكان , بۆیە بەلایەوە پەسەند نییە قسەی لەسەر بكرێت .

هەروەها دەڵێت : سعودییە پەلە ناكات لە لاساییكردنەوەی كوەیت كە ژنێكی بە پلەی وەزیر دامەزراندووە. واتە باسكردن لە بە وەزیر كردن بەشداریكردنی ژنان لە دەنگدان و خۆپاڵاوتن لە بەرنامەدا نییە لە ئێستادا .

هەرچی وەزیری ڕاگەیاندنی سعودیەیە ووتی: لە لادێكان ژنان شۆفێری ئۆتۆمۆبێل دەكەن , تا ماوەیەك پێش ئێستا تەلەفزیۆن و خوێندنی كچان كێشە بوون , تا لە دواییدا كۆمەڵ وورده وورده پەسەندییان كرد

(شرق ئەوسەت 9-6-2005 ژمارە 9690). بە بڕوای ئەو بەدەست هێنانی ماف ئۆتۆمۆبێل لێخوڕین لە لایەن ژنانەوە مەسەلەی کاتەو لە کۆتاییدا دەبێتە ئەمری واقیع و پەسەندە کرێت .

خەریکە کۆمەڵ لەگەڵ هەڵوێستی پیاوانی ئاین ڕا دێن , سەرەتای هەموو شتێکی نوێ , ڕەت کردنەوەی لە لایەن پیاوانی ئاینەوە نۆرماڵە , دوایی هاوکات بەرەو ڕووی چەند نوێیەك دەبنەوە , بەرگەی ئەو هەمووە ناگرن , بە ناچاری دەرگا بۆ هەندێك لە نوێکان دەکەنە سەر گازی پشت , ئەوجا بە دواییدا فتوای ئیسلامییانە بۆ ڕەوایەتی دەدەن و تەفسیری بوونی لە پەرتوکە پیرۆزەکان دەکەن , هیچ نوێیەك بە سانایی لە چاودێری پیاوانی ئاین دەربازی نەبووەو نەهاتۆتە ناو کۆمەڵەوە . هەموو یاساغێکی ئەمڕۆ دەقی پیرۆز بۆبوونی لە ئایندا ئامادەیە لە ا ئامادەیە .

د.عەبدالمحسن العبیکانی ئەندامی شورای سعودیەیە(پەرلەمان) . یەکێکە لە شێخە سەلەفییە ناسراوەکانی ئەم وولاتە , سەرسەختانە دژ بە لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێلە لە لایەن ژنانەوە , بە قسەی ئەو ئەم هەڵوێستەی بەهۆی ئەوەوە نییە کە یاساو ڕێسای خوا ڕێگە نادات , بەڵکە بەهۆی ئەو گەندەڵی ڕەوشتییەوەیە لێوەی پەیدا دەبێت , هەرچەندە ناوبراو لەگەڵ فەرمانڕەوایی ئیسلامدایە ئەگەر کافرێکیش دەسەڵاتەکەی دیاری بکات , بەمەش ڕەوایەتی دەدات بە حکومەتی عێراقی داندراو لە لایەن ئەمەریکاوە , ناوبراو پارێزگارە لە بەرامبەر کێشەی ژنان و داخوازەکانییان , بەڵام کراوەیە لەگەڵ داگیر کەری ئەمەریکا (الاتحاد-ئیمارات 10923 -1-6-2005 ).

سەلەفییەکان ئەوەندە بە توندی داکۆکی لە بۆچونەکانییان دەکەن , ئامادەی قەبوڵکردنی گفت و گۆو بیرو ڕا گۆڕینەوەشییان نییە لەگەڵ بەرامبەرییان , دەرگایان لە بەرامبەر هەموو بۆچونێکی جیا داخستووە , ئەم ترسەشییان لەوەوە هاتووە بەڵگەکانییان ناتوانێت پشتگیری لە بۆچونەکانییان بکات . پارێزگاران پێیان وایە لێخوڕنی ئۆتۆمۆبێل لە لایەن ژنانەوە , تێکەڵ بە پیاوانییان دەکات و هانییان دەدات بۆ بینینییان , بینینی ژنانیش گەورەترین گوناهە لای ئەوان , هەرچەندە بۆ خۆیان هەریەکەیان چەند ژنێکییان لە ماڵەوە ڕیز کردووە , بە بڕوای بەشێکی دیکەیان لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێل دەبێتە هۆی زۆر دەرچوونی ژنان لە ماڵەوە , ئەمە سەرباری ئەوەی گروپێکییان پێیان وایە بۆ خۆی لاسایی کردنەوەی ڕۆژئاوای کافرە , هەموو شتێکیش لە ڕۆژئاواوە بێت گوناهە , جگە لەو شمەکانەی بۆ خۆشگوزەرانی خۆیان بەکاری دەهێنن .

د. محەمەد زولفی کە ئەمڕۆ ڕابەرایەتی هەوڵەکانی ژنان دەکات بۆ لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێل , نەیتوانی ماف شۆفێری ژنان بکاتە بابەتی گفتوگۆ لە ناو شورا , بەهۆی ڕەتکردنەوەی توندی داخوازەکەی لە لایەن پارێزگارەکانەوە (د.ئیبراهیم عباس حوار تمدن 2-6-2005). پارێزگاران هەر بەوەندەشەوە نەوەستان داواکارییەکەیان ڕەتکردەوە و نەیان هێشت بچێتە بەر باسەوە , بەڵکە هەڕەشەی کوشتنیان لە خۆی و خێزانەکەشی کرد , هەندێکی کەیان ئەوانەی نەرمتر بوون داوایان کرد لە شورا دەرکرێت , تەنها تاوانی ئەوە بوو دەیەویست ئەو باسە بهێنێتە ناو شوراوە , چونکە ئەوان دەزانن ئەمڕۆ ببێتە باس , سبەی دەبێت بە کردار .

شورا لە سعودییە شورایەکی نێرانەیە , ژنان ماف دەنگدان و خۆپاڵاوتنییان تیایدا نییە , بۆیە باشترە ناوی بنێین شورای نێران , نەك شورای گەل , گەل لە هەموو کۆمەڵ پێك دێت بە ژن و پیاوەوە , هەرچەندە ژنان زۆربەی کۆمەڵن .

ناو براو یەکەم قوربانی کێشەی ماف شۆفێری ژنان نییە لە سعودییە , خاتوو فەوزییە بەکری **37** ساڵە , لە ساڵی **1997** لەگەڵ **47** ژنی دیکەدا خۆپیشاندانییان ساز کرد بۆ بە دەست هێنانی ماف شۆفێری بۆ ژنان , لە ئەنجامدا لە لایەن هەیئەکانی ئەمرئ بالمەعروف و نەهی عەن مونکەرەوە گیران و خرانە زیندانەوە .

بێشك ئیسلامییەکان هیچ دەقێکی ئاینی شك نابەن بۆ حەرام بوونی لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێل لە لایەن ژنانەوە , چونکە چواردە سەدە لەمەوپێش ئۆتۆمۆبێل لە جەزیرەی عەرەبی نەبووە , کە ڕوداوی ئوفك ڕوی دا بەرامبەر بە (عائیشە), هەرایەك زۆری نایەوە , قسەو قسەلۆك پەیامنێری تەنگەتاو کرد , بەڵام پەیامنێر لە ئەنجامدا سواربوونی حوشتری بۆ ژنان یاساغ نەکرد . هەرچەندە لە سواربوونی حوشتردا جەستەی ژنان هەموو دەرەکەوێت و تەواوی جوڵەی دەکەوێتە بەر چاو و سەرنجی پیاوان زیاتر ڕادەکێشێت بۆ خۆی . لە وڵاتانی ئیسلامی تا ئێستا هیچ هەنگاوێك نەنراوە بۆ یاساغکردنی سواربوونی ژنان لە هیچ جۆرە وڵاخێك لە ماوەی ئەم **14** سەدەیەدا , لە زۆر وڵاتی ئیسلامی دیاردەی شۆفێری زیاد لە نیو سەدەیە بووە بە دیاردەی باو لە کۆمەڵدا , لە پاکستان ژنان ئەمساڵ بوون بە شوفێری فڕۆکە نەك ئۆتۆمۆبێل, ئیسلامییەکانیش نقەیان نەکرد لە وڵاتی ئیبن تەمیمە .

هەندێك لە ڕیفۆرمیستەکان پرسیاری ئەوە دەکەن , ئایا فیتنەی بوونی شۆفێر لەگەڵ ژنان گەورەتر نییە لەوەی ژن بە تەنیا ئۆتۆمۆبێل لێبخوڕێت ؟؟؟ . ئەوان پێیان وایە کارەساتەکە گەورەتر دەبێت کاتێك ژنێك لەگەڵ شۆفێرێکدا بە تەنییا لە ناو ئۆتۆمۆبێلێکدا بێت , پەیوەندی زیاتر لە نێوان هەردوولا دروست دەبێت , ئاکامەکەی هەندێك جار بە پەیوەندی دڵداری و سێکسی دەگات .

هەندێکی دیکە لەوانەی دژ بە شۆفێری ژنانن , بەهانەیان ئەوەیە ئەگەر ژنان بە تەنیا ئۆتۆمۆبێل لێبخوڕن لە ئەنجامی هێرشی دزییەوە دەڕفێنرێن , ئەمە بەهانەیەکی زۆر لاوازەو لە ئەنجامی نەبوونی بەڵگەی ئاینییەوەیە بۆ پشتگیری لە بۆچونەکانییان هانای بۆ دەبەن , ئەم بەهانەیە بۆ خۆی نیشانەی لەرزۆکی لاوازی دەسەڵاتدارییەتی دەردەخات , بەڵگەی فشۆڵی دەسەڵاتە کە نەتوانێت هێمنی و ئاسایش لە سنوری قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی بۆ هاووڵاتییانی وڵاتەکەی دابین بکات .

بەهۆی ئەوەوەی ژنان یاساغە ئۆتۆمۆبێل لێبخوڕن , بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانییان ناچارن شۆفێری بێگانە بگرن , بەم هۆیەوە ساڵانە ملیاران دۆلار زیان لە ئابوری وڵات دەکەوێت , لێرەدا ئەم بڕیارە کۆنەپەرستانەیە دژ بە بەرژەوەندی نیشتمان دەکەوێتەوە , لە ساڵی **1990** ەوە بۆ ئێستا ئەم فتوایە دەیان ملیار دۆلار زییانی بەم وڵاتە گەیاندووە , هەر ووشەیەکی تا ئێستا چەندین ملیار دۆلار باجی بۆ دراوە .

لە ڕاپرسییەکدا لە وڵاتی سعودییە ئەنجامدرا , **1044** ژن لە پلەی ڕۆشنبیری جیاواز بەشدار بوون تیایدا , **898** بیان کە دەکاتە **88,6**٪ دژ بە لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێل بوون لە لایەن ژنانەوە , لە بەرامبەردا **76** بیان کە دەکاتە **7,5**٪ لەگەڵ و **40**بیان کە دەکاتە **3,9**٪ بێ وەڵام بوون (حیات **14-6-2005**). ئەمەش ئەوە دەردەخات ژنانیش لە ژێر کاریگەری ئەو فتوا ئاینییانەوەن و ئامادەیی بەرینییان بۆ بەدەست هێنانی ئەم مافە سەرەتاییەی خۆیانییان نییە, داواکاری نوخبەیەك لە ژنانە تا ئێستا , ئەمە سەرباری کاریگەری بەرنامەی پەروەردەو خوێندن لەسەرییان , لە بەرنامەی خوێندنی سعودییە باس لە لاوازی ژن بەردەوام لە قوتابخانەکان لە پلە یەك لە دوای یەکەکان دەخوێنرێت و لە کۆمەڵدا ڕەواجی پێ دەدرێت .

له دوای 16–5 دوه , ئەو ڕۆژە مێژوویەی ژنانی کوەیتی بەشێك له مافەکان خۆیان بە دەست هێنا , مەملەکەتی عەرەبی سعودییە لە هەموو وولاتانی جیهان زیاتر کێشەی ژنان تیایدا زەق بۆتەوە, ئاگر لە پەرێزی کێشەی ژنانی بەربوەو جەستەی نەخۆشی داڕزیوی ناشرینی بۆ هەموو لایەك دەرکەوتووە .

به ڕوخانی تالیبان لە جیهاندا شوێنێك دیکە نەماوە لە پێش سعودییەوە بێت بەرامبەر بە سەرکوتی ژنان , بۆیە ئەوەی بیەوەێت سەیری مەلەفی مافی ژنان بکات دەبێت بە سعودییە دەست پیّ بکات , ئیسلامییەکان لە پاکستان و ئەفغانستان و سودان و ئێران شانسی پیادە کردنی سیاسەتە ئیسلامییەکانییان نییە بەرامبەر ئافرەتان , بەهۆی ئەو داب و نەرێتە باوەی زاڵە بەسەر تاکی ئەو کۆمەڵگایانە , لە پاکستان و بەنگەلادیش ژنان ڕۆڵی ولایەی گشتی چەندین دەیەیە دەگێڕن , لە ئەندەنوسیاش فتوای ئیسلامییەکان نەیتوانی لە خولی پێشوو ڕێگری لەبەردەم میگاواتی دروست بکات بۆ بوونی بە سەرۆك لە پڕ حەشامەترین وولاتی ئیسلامی . ئەو بەرنامەیەی ئەوان دەیانەوێت پیادەی کەن , سەری خۆی لە بەردی ئەلحەدی داب و نەرێتی باوو کلتوری کراوەی تا ڕادەیەکی خەڵکی ئەم وولاتانە دەدات .

له سعودییە نەك مافی شوفێری , بگرە ژنان مافی تەوقە کردنیشییان نییە , گوناحی گەورە بە تەوقە کردن دەست پێدەکات , سەرچاوەی ئەم بۆچونەشییان لە مەزهەبی پەیرەوکراوەوەیە , ئیمام ئەبو حەنیفە بە ئیمامی ساناکاری لێبوردن بە ناوبانگە , تا ڕادەیەك لەگەڵ تەوقەکردنی ژنان بوو , بەڵام حەنبەلییەکان کە سعودییەکان پەیرەوی لێدەکەن لە لای ئەوان تەوقەکردن بە سەرەتای گەندەڵی ڕەوشتی دەزانن , ئیمام باز دەڵێت : بەهیچ جۆرێك نابێت تەوقە لەگەڵ ژنانی نامەحرەم بکرێت , گەنج بێت یان پیر (ڕەشید خیون –ئیلاف 13–6–2005 ) . ئەم داخران و کۆنەپەرستییەی لە سعودییەدا بوونی هەیە , بەشێکی زۆری لە حەنبەلی بوونی مەزهەبی ئەو وولاتەوە سەرچاوەی گرتووە .

شا لەساڵی 1963 دا بە شەوو ڕۆژێك حیجابی یاساغکرد لە ئێران , لەسەر ژنانی داکەند . خومەینی لە ساڵی 1979 دا بە گەیشتنی بە دەسەلات , بە شەوو ڕۆژێك خستییەوە سەر ژنانی ئێرانی و قژی هەموویانی شاردەوە .

له ساڵی 1963 خومەینی دژ بە دابەشکردنی زەوی و مافەکانی ژنان بوو , واتە دژایەتی مافەکانی ژنان لە هەموو حیزبە ئیسلامییەکان هاوبەشە , ئەڵێی ئەوان تەنها بۆ دژایەتی ژنان دروست بوونە , بەرنامەی ئەوان تەنها جێبەجێکردنی لیستی حەرامکراوو ڕێپێدراوە لە کۆمەڵدا .

کێشەی ژنانی سعودییە ئەمڕۆ تەنها کێشەی شۆفێری نییە , بەڵکە وەك دەبینیین ژنان مافی تەوقە کردنیشییان نییە , بگرە تا ئێستا ناسنامەی تاکە کەسییان نییە , تا لە کۆمەڵدا پێی بناسرێنەوە , ژنێك ناسنامەی نەبێت کەواتە بوونیشی دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە .

گەورەترین ڕێگری تا ئێستا لەبەردەم ژنانی سعودییە بۆ وەرگرتنی ناسنامەی تاکە کەسی وێنەی دەم و چاوییانە , تەنانەت بە حیجابیشەوە (ئیلاف 9–6–2005 سڵتان ئەلقەحتانی ). ئەمە لە کاتێکدا ژنانی سعودییە لە ڕێی ئەنتەرنێتەوە بە کەیفی دڵ وێنەی خۆیان لە ڕێی MSN, skype ,,, masnjar paltak, دوه پیشانی پیاوان دەدەن و ئەو قەدەغەیە دەشکێنن .

ڕاپۆرتی ڕێکخراوی (فریدەم هاوس ) بۆ مافی مرۆڤ کە بارەگای لە وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکایە , دەری خست , ژنانی سعودییە کەمترین مافییان لە بواری ئابوری–فەرهەنگی –سیاسی لە ئاستی ناوچەکەو جیهان هەیە , لە خواری خوارەوەی لیستەکەدان , لە وولاتانی عەرەبی تونس لە سەرەوەی لیستەکەدایە و 3,24 خاڵی هەیە , بەڵام سعودییە تەنها خاوەندی 1,26 خاڵە و لە بنی لیستەکەوەیە . لە کۆی 16

ووڵاتی عەرەبی بەشدار لەو ئامارە , سعودییە دوا ووڵات بوو (سی ئێن ئێن 22-5-2005). ئەو ئامارە لەم سەروبەندەدا شەرمییەك بێ وێنەی بۆ سعودییە دروست كرد , قوڕاوەكەی سەر سعودییەی زیاتر خەست كردەوە , دەری خست ئەوەی لە سعودییە دەگوزەرێت , ووڵات جهەنەمێكە بۆ ژنان , هەرچەندە بەشێكی هێشتا شاراوەیە و كۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی لێی بێخەبەرن , ئەگەر شەفافییەت وديموكراسی هەبێت لە سعودییە ئەوا ئەو ژمارەیەش زیادە لێی و لە زیرۆ سەر ناكەوێت .

لە كۆتاییدا دەتوانم بڵێم , لای ئیسلامییەكان باشترین ژن ئەو ژنەیە داوای هیچ یەكێك لە مافەكانی نەكات و مل كەچی پیاوان و سستەم بێت .

لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێل كە ئێستا بۆتە باسی ڕۆژ تەنها دانیشتن لەپشت سوكانەوە نییە , بەڵكە جێگەی ژن لە كۆمەڵدا دیاری دەكات , هەنگاوێكە بۆ سڕینەوەی جیاوازییەكان لە داهاتوودا و داواكاری و داخوازی دیكەی بە دوادا دێت .

ژن ڕابەری لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێلێك بكات ئەمڕۆ , مانای ئەوەیە ئامادەگی ڕابەری كۆمەڵیشی دەبێت لە داهاتوودا , ئەمەیە پیاو دەسەڵاتدارە دواكەوتووەكانی سعودییەی ترساندووە .

## ژنانی كوەیت و سەركەوتنەكانییان



ئەم ماوانەی دوایی لە هەموو كات زیاتر كێشەی ژنان بەرەو ڕووی ئیسلامییەكان دەبێتەوە , ئەمەش نیشانەی بوونی هەوڵێكە بۆ ڕزگار بوون لەو فەزای سەركوتەی ئیسلامییەكان دەیانەوێت درێژەی پێ بدەن , هەر لە كێشەی د.ئامینە ودودەوە كە پێش نوێژی كرد لە



نیورۆك لە بەرواری 18-3-2005 , كە لە ئەنجامدا موفتی میسر و مجلس فقی ئەمەریكا و قەرزاوی .... زۆری كە دژی وەستانەوەو ووتییان ژنان بۆیان نییە پێش نوێژی بكەن , لێرەشدا جوڵەی جەستەی مەلا ئامینە لە بەردەم پیاوان بووە بەڵا بۆی (ئیسلام ئۆن لاین 5-4-

2005 همام عبدالمعبود) , تا كێشەی یاسای باری تاكەكەسی لە جەزائیر و ڕۆژی ژنان لە عێراق (ڕۆژی فاتیمە زەهرا) , تا كێشەكانی وولآتانی كەنداو و ڕاپۆرتەكەی فریدەم هاوس .

لە ڕابردوودا لە كوەیت مافی ژنان لە مافی خوێندن و نەپۆشینی حیجابدا خۆی دەبینییەوە , بەڵام ئێستا ژنانی كوەیتی زۆر زیاتر لەو داخوازییانە ڕۆیشتونەو دەیانەوێت چالاك بن لە كۆمەڵدا , مافە كۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەكان خۆیان دەوێت .

وەك باسمان كرد 16-5 ئەو ڕۆژە مێژوییە بوو , نەك پشتی ئیسلامییەكانی بە زەوییادا لەناو پەرلەمانی كوەیتدا , بەڵكە بوو بە مەشخەڵی تێكۆشانی ژنان لە وولآتی دەورو بەریش , هەرچەندە ژنانی كوەیت زۆر لە پێش ژنانی سعودییەوە بوون پێش ئەو دەسكەوتەش , بەڵام لە 16-5 ەوە بوونە پێشەنگی تێكۆشان و خاوەند خۆیوون .

16-5 ڕۆژێكی مێژوییە بۆ ژنانی نەك كوەیت بگرە هەموو كەنداوی عەرەبی . ئەگەر سعودییە لە ڕابردوودا شۆڕشی ئیسلامی ناردەبێتە دەرەوە لە ڕێگەی دروستكردنی مزگەوت و یارمەتی ئیسلامییەكانەوە , ئەوا ئێستا ئیستیرادی گۆڕانكاری دەكات لەو دیوو سنورەكانەوە .

لە ساڵی 1992 ەوە لە زانكۆی كوەیت تێكەڵاوی كوڕان و كچان لە ژێر پاڵەپەستۆی ئیسلامییەكان یاساغ كرا , ئەمە پشت لە زەوی دانی ژنان بوو لە ژێر كاریگەری هێزی ئیسلامییەكان , ئێستا ژنانی كوەیت هێز لە زەوی كەوتنی خۆیان وەردەگرن و لەم خولەدا پشتی نەیارانییان بە توندی دەدەن بە زەوییا .

ژنانی كوەیت مێژوویەكییان لە تێكۆشاندا هەیە , لە ناوچەكە كوەیت یەكەم وولآت بوو ژنان وانەیان لە زانكۆكان وتەوە , بوون بە پارێزەر , سیاسەتییان كرد , چالاك بوون لە بواری مافی مرۆڤ , شاعیر بوون و شیعریان بۆ جوانی و خۆشەویستی ووت , ڕۆمانییان نوسی , ڕۆژنامەنوسییان كرد, لە ڕێكخراوەكان كارییان كرد .

كۆمەڵی كوەیتشی كراوەترین كۆمەڵگەی كەنداوە , لەناو ئەوانیشدا ژنانی كوەیت ڕۆشنبیرترو مۆدێرنترن لە پیاوانی كوەیتی . پاش پاوانكردنی دەنگدان بۆ ماوەی 4 دەیە لە لایەن پیاوانەوە , بەم بڕیارە ژنان مافی خۆیان وەرگرتەوە , لە داهاتوودا باڵا دەستی خۆیان لە سیاسەت و بەڕێوە بەرایەتیش بە پراتیك دەكەن .

لە كەنداودا كوەیت پێشەنگی هەمووان بووە لە كاری ڕۆژنامەگەری و ژیانی پەرلەمانتاری , ئێستاش لە 16-5 پێشەنگییەكەی خۆی وەرگرتەوە , پەرلەمانی لە دیوەخانی پیاوانەوە كردە نوێنەرایەتی گەل بە ژن و پیاوەوە .

16-5 كاتژمێر 6,30 ژنانی كوەیتی مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنییان بەدەست هێنا . بەمەش ژییانی سیاسی ئەم وولآتە لە ژێر عەبای جەهالەت دەركرا , كوەیت لە فراوانترین دەرگاوە چووە ناو تازەگەرییەوە لە چاو وولآتانی ناوچەكە , هەرچەندە زۆر ماوە بگەن بە دیموكراسی ڕاستەقینە . پاش 6 ساڵ لە مۆركردنی ئەو بڕیارە لە لایەن ئەمیرەوە پەرلەمان لەو ڕۆژەدا یاسای مافی دەنگدان و خۆ پاڵاوتنی ژنانی مۆر كرد . ئیسلامییەكان دووجاری دیكە ئەو بڕیارەیان ڕەت كردەوە , ئەوان دەیان ووت پەرلەمان ولایەی گشتییە بۆیە بۆ ژنان یاساغە بگەن بەو شوێنە .

بەو بڕیارە ژنانی كوەیت نەك تەنها مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتن , بگرە بەشداری كابینەو پۆستی باڵوێزییشییان بەدەست هێنا . دوای چوار دەیە لە هەوڵ و تەقەڵاو داواكاری و تێكۆشان ژنانی كوەیت مافی دەنگدان و خۆپاڵاوتنییان بە دەست هێنا .

ئەم داخوازە لە حەفتاكان هاتە ئاراوە , بەڵام چەند جار لە بەرامبەر دژایەتی ئیسلامییەكان شكستی پێ هێنرا .

ئەمجارە 7 لە ئیسلامییەكان چوونە پاڵ لایەنگرانی ماف ژنان , بۆیە بڕیارەكە لە دەنگداندا بردییەوە , لە 59 دەنگدەر 35 لەگەڵدا بوون . ئەم بڕیارە شكستی ئیسلامی سیاسی بوو كە چەندین جار ئەوان شكستییان هێنا بە هەوڵەكانی ژنان , بەڵام لەم خولەدا ویستەكانی ژنانی كوەیتی هەیبەتیی ئیسلامییەكانییان لە پەرلەمان تێك شكاند .

هەموومان لە یادمانە لە سەروبەندی داگیركردنی كوەیت لە لایەن عێراقەوە , پیاوان بە كۆمەڵ هەڵاتن , ژنانی كوەیتی لە ماڵەكانییان مانەوەو سەربازانی عێراقی لە ئاست قارەمانییەتی ژنانی كوەیتی لەرز كەوتبووە جەستەیان , ئەوان بوون بەرگرییان بەرامبەر داگیركاری كرد , ئەوان بوون هێزەكانی داگیر كەر لە ترسییان ناو شەقام و كۆڵانەكانی تەرك كرد .

سەدان ژن گرتران لە لایەن هێزەكانی عێراقەوە , سەدان و هەزارانی دیكەشییان لە لایەن هێزەكانی عێراقەوە بە دوایانا دەگەڕان , ئەوانەی وێنەیان بڵاو دەكرایەوە و مەتلوب بوون , كاری بەرگرییان ئەنجام دەدا زۆربەی زۆرییان ژنانی كوەیتی بوون , ژنان پێشەنگی خەبات بوون دژبە داگیركاری عێراق , لەم پیچناوەدا قوربانی زۆرییان دا و قارەمانییەتی زۆرییان نواند . شێخ فەهد ئەحمەد كە ئێستا لە پشت ئەم بڕیارەوەیە , ئەویش پاڵەوانێكی كەی ڕزگاری بوو , ووڵاتی بەجێ نەهێشت , ئەوو پۆلێك لە هاوڕێیانی و ژنان بەرگرییان دژ بە عێراق نواند . ئەوانەی دژ بە مافەكانی ژنانن ,ئەو ڕۆژانەی ژنان بەرگرییان دەكرد , ئەوان چەندین سنورییان بەزاند و هەزاران كم دوور بوون لە كوەیتەوە .

هەرچەندە لە كوەیت ئەمیر و كۆمەڵێك لە بازرگانان و شێخەكان دۆڵابی حوكم بە دەستیانەوەیە , هەموو دەسەڵات لای ئەمانە كۆبۆتەوە , بەڵام لە هەمان كاتدا پەرلەمان شەرعییەتی یاسایی خۆی هەیە و بەردەوام مشتومڕی توندی تێدا دەكرێت , بڕیارەكان شەرعییەت بە تێپەڕ بوونی بەوێدا وەردەگرێت .

3 جار پێشتر دەسەڵاتدارییەتی كوەیت گەڵاڵەی ماف ژنانی خستە بەردەست پەرلەمان , دووجار ئیسلامییەكان ڕەتییان كردەوە و شكستیان پێی هێنا . ئەمیر لە ساڵی 1999 جارێكی كە هەمان پڕۆژەی بردە پەرلەمانەوە بەڵام لە لایەن ئیسلامییەكانەوە تووشی شكست هات .

هەرچەندە ئەمەریكا لە دوای دەركردنی عێراق لە كوەیت , دەیتوانی لە چەشنی عێراق و ئەفغانستان , ماف ژنان بسەپێنێت بەسەر دەسەڵاتداراندا , گۆڕان لە سەرخانی سیاسی ووڵات دروست بكات , كوەیتێكی نوێ تەسلیم بە خەڵكەكەی بكاتەوە , بەڵام ئەوكات گرنگی بەو چەشنە ڕیفۆرمانە نادا , تا لە 11ی سەپتەمبەر دەستی نە چزیی بە ئاگری ئیسلامییەكاندا , بیری لە دیموكراسی و ماف ژنان و گۆڕان لە سستەمی پەروەردەی ناكردەوە . سستەمی كوتا (لانی كەم بۆ ژنان) لە پەرلەمان لە زۆر ووڵاتدا پەیرەو دەكرێت , لە سوید 46٪–دانیمارك 38٪–فنلەند37٪–ڕواندا 49٪ , لە عێراق و ئەفغاستان 25٪ (بیان 6-6-2005), دەشییا سستەمی كوتا دوای جەنگی خەلیجی یەكەم لە كوەیت پەیڕەو بكرایا , بەڵام نەكرا .

دووای ماف دەنگدان و خۆپاڵاوتن , یەكەمین دوو ژنی كوەیتی لەئەنجومەنی شارەوانی كوەیتی , لە مێژووی كوەیتدا لە دوای بە دەست هێنانی ماف دەنگدان دامەزران , ئەوانیش ( ئەندازیاران –فاتمە سەباح و فەوزییە بەحر) بوو , ئەو 2 كەسەش لەو 6 ئەندامەی شارەوانی بوون , ئەمیر ماف دانانیانی هەیە بە تەسكییە , لەكۆی 16 ئەندامەكەی شارەوانی . هەنگاوەكە هەر بە شارەوانییەوە نەوەستا , بەڵكە زیاتر

ڕۆیی تا گەیشتە پلەی وزارەت . مەعسومە موبارەك مامۆستای زانستی سیاسی و چالاكی بواری ماف مرۆڤ یەكەم كەسە لە كوەیت كرا بە وەزیر (بی بی سی 12-6-2005) , لێرەدا سەرنج دەدەین لە بری ئەوەی گروپی دەسەڵاتدار( هەرچەندە پارێزگارن) ڕێگر بن , بەڵكە بۆخۆیان لە پشت هانگاوەكانەوەن , لە بەرامبەردا ئیسلامییەكانن ڕێگری دروستە كەن .

شێخ سەباح سەرەك وەزیرانی كوەیت , گەشتەكەی دواخست بۆ ئەمەریكا , تا ئەم دەسكەوتانە لەگەڵ خۆی ببات بۆ واشنتۆن .

ئیسلامییە كوەیتییەكان دژ بە دامەزراندنی د.معسومە موبارەك بوون . ئیخوانەكان و سەلەفییەكان ووتیان : ئەمە ولایەی گشتییە نابێت ژن ببێت بە وەزیر , كۆمەڵەی ئیسلاح(ئیخوان) ووتییان بە وەزیر كردنی ژن دەبێتە هۆی تێكەڵ بوونی بەردەوامی لەگەڵ وەزیرە پیاوەكان , سەرباری گەشتكردنی جۆراوجۆری بە بێ بوونی مەحرەم لە گەڵییا , بە تایبەتیش وزارەت بە ولایەی گشتی دەژمێردرێت و نابێت ژنان بەرێوەی بەرن و بچنە ئەو شوێنە , بەم هۆیانەوە ژنان بۆیان نییە ببن بە وەزیر .

هەرچی سەرۆكی سەلەفییەكان تاریق عیسایە ڕونتر قسەی كردو پێچ و پەنای بۆ نەهێنایەوەو ووتی : وەزارەت ولایەی گشتییە و نابێت ژنان پێی هەڵسن(ئیلاف 13-6-2005 ).

هەردوو فراكسیۆنی شیعەو سونی (ئیسلامییەكان) لە ناو پەرلەمان پێكەوە دژ بە مافەكانی ژنان وەستانەوە . شیعەكانی ناو پەرلەمان ووتییان نابێت وەزیری ژن نوێنەرایەتی شیعە بكات لە ناو حكومەت ( د.عبدواڵە خەلیفە –اتحاد–ئیمارات –ژمارە 10393 بەرواری 17-6-2005).

پێشتر ئیسلامییەكان كوەیت پشتگیری پەرلەمانتاری توركی مروە قاوقچی بیان دەكرد بۆ پۆشینی حیجاب , بەڵام لە كوەیت دژ بە ماف دەنگدان و خۆپاڵاوتنی ژنان بوون (جزیرە نێت 16-6-205 ,ئیبراهیم غرابیە , نسا فی معتزل السیاسە ), لە توركییا لەگەڵ بوونی ژنی سەرداپۆشراون لە پەرلەمان , بەڵام لە وڵاتەكەی خۆیان ڕازی نین ژنان بە حیجابیشەوە بچێتە پەرلەمانەوە , تا دوا دەقە بەرەنگارییان كرد . ئیخوانەكان هەرچەندە هەموو خۆیان بە یەك خێزان دەزانن بەڵام هەڵوێستەكانییان لە ووڵاتان جیایە , لە ئوردن خۆیان نوێنەر دەنێرنە پەرلەمانەوە (د.حیات ئەلمەسیمی) , بەڵام لە كوەیت تا دوا نەفەس سەنگەرییان لە ژنان گرت بۆ پێ نەخستنە ناو ژوری دەنگدان و هۆڵی پەرلەمانەوە . هەرچەندە لە ئوردنیش زۆر كراوە نین و لە سەیرو سەمەرەترین كێشەدا , دەیانەوێت شكات لە فالح تەویڵ بكەن لە بەرامبەر ئەوەی لە كۆڕێكی ژناندا تەنها ووتوییەتی حیجاب لە هاوین ئارەقە بە ژنە كات (عسام المجالی – 18-6-2005 ئیلاف).

ساڵی 2007 بۆ بەشداری ژنان بۆ یەكەمجار لە هەڵبژاردنی پەرلەمان لە كوەیت زۆری نەماوە , بۆ ئەوەی زۆر هەڵوێست لەگەڵ خۆی بهێنێت , شەڕەكانی دژەكان زیندوو بكاتەوە . لە ئێستاوە عائیشە ڕەشید لە ناوەندی (معقل) ی ئیسلامییەكان خۆی بۆ پەرلەمان لە ناوچەی كیفان هەڵبژاردووە , ئەو شەڕە سەختەی گرتۆتە ئەستۆ , ئەگەر ژنان تۆڵەی چوار دەیە لە بێبەشكردنییان لە ماف دەنگدان و خۆپاڵاوتنی خۆیان لە ئیسلامییەكان بكەنەوە لە ڕێگەی سندوقەكانی دەنگدانەوە , ئەوا سەركەوتنییان دەبێت بە دوو سەركەوتن !!! .

2005-6-15